وتار



موعتەسەم ساڵەیی

# دەستەوگرۆی ناسەقامگیر لە دنیای ئەدەبدا



شانۆنووسی ناسراوی ئینگلستانی "ویلیەم شێکسپیر" خاوەنی کۆمەڵێک دەقی شانۆیی بەناوبانگە، یەکێک لەو بەرهەمانەی بە ناوی "یۆلیۆس سیزەر"ەوەیە. شێکسپیر لەم شانۆنامەیەدا پەنای بردووەتە بەر کتێبی "ژیاننامەی کەسایەتییە مەزنەکانی یۆنان و رۆمان" کە لە دانانی مێژوونووسی ناسراو "پلوتارخ"ە.

شێکسپیر بە شێوەیەکی هونەرییانەی بێ هاوتا سالانی (٤٢ - ٤٤)ی پێش زاینی لە مێژووی ولاتی رۆمامان بۆ دەخاتە روو، یۆلیۆس سیزەر بە سەرکەوتوویییەوە بەسەر دوژمنەکانیدا لە شەڕ دەگەڕێتەوە و، جەماوەری شاری رۆماش وەک قارەمانێکی نەتەوەیی پێشوازی لێ دەکەن.. لە هەموو لایەکدا دەنگی ئاهەنگ و شادی بەرز دەبێتەوە.. زۆری پێ ناچێت چەند بەگزادەیەکی شاری رۆما و لە هاوەلانی نزیکی یۆلیۆس سیزەر پیلان دەگێڕن و سیزەر دەدەنە بەر چەقۆ و تەنانەت یەکێک لە نزیکترین هاوەلانی سیزەر کە ناوی "پرۆتس"ە ئەویش هێرش دەباتە سەر سیزەر، ئەویش کە مەرگ لێی نزیک بووەتەوە بە واقوڕمانەوە بە هاوەڵە پیلان گێڕەکەی دەڵێت «تەنانەت تۆش ئەی پرۆتس!؟»

پرۆتس بەسەر تەرمی سیزەرەوە دەوەستێت و وتارێک بۆ ئەو جەماوەرە دەدات کە پێشتر چەپڵەیان بۆ سیزەر لێ دەدا، ئەم جارە وێنەکە سەرەو قلپ دەبێتەوە و جەماوەر دەکەونە چەپڵە لێدان بۆ بکوژەکانی یۆلیۆس سیزەر.. پاشتریش "ئەنتۆنیۆس"ی هاوەڵی سیزەر بە دیار مەیتەکەی سیزەرەوە دەوەستێت وتارێکی دوو فاقی بۆ جەماوەر دەدات، لە لایەکەوە بە شانوباڵی بکوژەکانی سیزەردا هەڵدەدات و لەلایەکی تریشەوە جەماوەر دژی بکوژانی سیزەر هان دەدات.

"ئەنتۆنیۆس" لە وتارەکەیەدا سەرکەوتوو دەبێت و دەتوانێت هەستی جەماوەر بورووژێنێت و هانیان بدات دژی بکوژانی سیزەر.. لێرەدا شێکسپیر دەیەوێت بڵێت کە جەماوەرێکی بێ بڕوا و بێ متمانە هەن و پشتیان پێ نابەسترێ، لە راستیدا ئەو جۆرە جەماوەرە بەس بە تەنیا لە مێژووی دێرینی رۆما و لە نێو شانۆنامەکەی شێکسپیردا بەدی ناکرێن، بەڵکو لە هەموو سەردەم و زەمان و لە نێو هەموو میللەتاندا ئەو جۆرە جەماوەرە زۆر یا کەم بوونیان

هەیە و کورد واتەنی "لەگەڵ هەموو بایەکدا شەن دەکەن.."

گەر مێژووی دوورو نزیکی عێراق بخوێنینەوە ئەوا دەبینین ئەو جەماوەرە بێ بارە ژمارەیان کەم نییە، بۆ نموونە کە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨دا لەسەر حوکوم لابرا، مەلای مزگەوتەکانی عێراق لەسەر مینبەر وتاریان دەدا و بە دەم هەنسک و گریانەوە ئەو رووداوەیان بۆ نوێژکەران باس دەکرد. ئەوانیش هەموو لە ئاستی خۆیانەوە بە کۆمەڵ دەگریان! ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە سوڵتان عبدولحمید داگیرکەر و چەوسێنەری هەموو میللەتانی عێراق بوو.!

کاتێکیش ئینگلیزەکان عوسمانییەکانیان دەرپەڕاند و خۆیان عێراقیان داگیر کرد ، خەڵکی بەوپەڕی خۆشییەوە پێشوازییان لە ئینگلیزەکان کردو مەڕیان لە ژێر پێیاندا سەر دەبڕی، تەنانەت عێراقییەکان ناوی ئینگلیزەکانیان نا "ابو ناجی" کە بە مانای "باوکێکی رزگارکەر" دێت..؟

کاتێک عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم، جەماوەری بێ بار هەموو بنەماڵەی پاشایەتییان قەتڵوعام کرد، تەنانەت رۆژێکیان جەماوەری بێ بار عەبدولکەریمیان بە خۆی و ئۆتۆمبێلەکەیەوە بۆ ئاسمان هەڵگرتوو بەرزیان کردەوە، ئەمەیش وەک دەربڕینی خۆشەویستییەک بۆ ئەو پیاوە.. کاتێکیش کوژرا جەماوەر چەپڵەیان بۆ بکوژەکانی لێ دا..

کاتێکیش بەعسییە فاشییەکان هاتنە سەر حوکم و لە عێراقدا دەسەڵاتیان گرتە دەست، بە چاوی خۆمان بینیمان کە جەماوەرێکی بێ بڕوا پڕ بە دەم هاواریان دەکرد «بالروح بالدم نفدیک یا صدام..!»..
لە نێو هەموو میللەتێکدا توێژێک هەن کە پێیان دەگوترێ هەرچی و پەرچی بە زمانی عەرەبیش پێیان دەگوترێ "غوغا" و (حثالات) بە زمانی ئینگلیزیش بەو توێژە دەگوترێت mob. بەرامبەر بەم توێژەش کەسانی رەسەن و پڕ بڕوا و بە وەفا و بە ئەمەک هەن.. جا هەژاری و دەوڵەمەندی پێوانە نییە، چونکە مرۆی رەسەن لە نێو چینی هەژار و دەوڵەمەنیشدا بەدی دەکرێن. هەروەها هەرچی و پەرچیش لە نێو هەموو چینەکاندا بوونیان هەیە..

لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا عەرەبی رەسەن هەبوون، لە

هەمان کاتیشدا توێژێکی هەرچی و پەرچیش هەبوون، کە کار و پیشەیان کوشتن و بڕین و راوو رووت بوو، کە لە قورئاندا بە "ئەعراب" وەسف و ناوزەد کراون.. لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ، ژمارەیەکی زۆر مرۆی رەسەن و مرۆی هەرچی و پەرچیش هەن.

بۆ نموونە لە یەکێک لە شەوانی ساڵێکدا بۆ ماوەیەکی کەم کارەبا لە شارێکی ئەمەریکادا بڕا. ئەوە بوو لەو ماوە کورتەدا بە هەزاران دز و جەردە لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە دەستگیر کران، کە تاریکی شارەکەیان بە هەل زانی بوو و کەوتبوونە تاڵانی و دزی و راووڕووت.. میللەتی کوردیش وەک هەر میللەتێکی تر زۆربەی زۆری رەسەن و بە وەفا و بە ئەمەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە بەڵگە زۆرن بە دەستەوە، بۆ نموونە بە هەزاران هەزار کوردی خەباتگێڕ و پێشمەرگەی دلێر و قارەمان گیانی خۆیان بەخت کرد لە ڕێی میللەتەکەیاندا، لە هەمان کاتدا نابێت نکۆڵی لەو راستییەش بکەین کە لێرە و لەوێ کەسانی بێ ئەمەک و هەرچی و پەرچی و جاش و نارەسەنمان هەن..

لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەوڵەتی عوسمانی نەخشەیەکی گڵاوی کێشا و ویستی میللەتی رەسەنی ئەرمەن قەتڵوعام بکات ، لە کاتێکدا لە مێژووی دێریندا کورد و ئەرمەن لەم ناوچەیەدا هەردەم هەر هەبوونە، بەڵام لەم وڵاتی تورکیایەی ئێستادا لە دێرزەماندا تورک هەرگیز نەبووە..

ئەمیش راستییەکە و هەموو سەرچاوەکان دەیسەلمێنن.. بە داخەوە عوسمانییەکان لە پێناوی جێبەجێکردنی پیلانە شەڕانگیزییەکەیاندا کۆمەڵێک کوردی نارەسەنی هەرچی و پەرچییان خستە کار بۆ لێدانی ئەرمەنەکان. لە کاتێکدا زۆربەی کوردە رەسەنەکان خۆیان بە دوور خست لەو تاوانە، تەنانەت زۆرێک لە کوردەکان پارێزگارییان لە ئەرمەنەکان دەکرد، یاخۆ دەیانشاردنەوە..

برا ئەرمەنییەکانیش ئێستا راستی ئەو رووداوە دەزانن و کورد تاوانبار ناکەن.. پاش شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراقدا، هەندێک ناکۆکی و پشێوی لە نێو شاری کەرکووکدا روویان دا، کە لە پاشاندا هەندێک لایەن بە ناهەق ئۆباڵی ئەو

رووداوانەیان خستە ئەستۆی کورد. لەو رووداوانەدا کۆمەڵێک کورد و تورکمانی بێ تاوان بە ناهەق خوێنیان رژا. وەک زانراوە هەندێک هەرچی و پەرچی ئاگری ئەو رووداو و کارەساتانەیان هەڵگیرساند. لە راستیدا لە نێو ئەو ئاژاوەچییانەدا کوردیش و تورکمانیش هەبوون. پاش هەموویشی بە ناهەق لاشەی بیست و هەشت هاوولاتیی کورد لە نێو بازاڕدا کران بە دارا، کە بەشێکی زۆریان دڵسۆز و رۆشنبیر و نووسەر و بێتاوان بوون..

زۆر رەوایە ئەگەر بڵێین کورد بێ تاوان بوو لەو رووداوانەدا. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش بێ تاوان بوو یاخۆ حیزبی شیوعی عیراقیش هەر بێ تاوان بوو لەو رووداوانەدا.. ئەوەی تاوانبار بوو کەسانی هەرچی و پەرچی بوون لە کورد و تورکمان کە بارودۆخە ناهەموارەکەیان قۆستەوە و کەوتنە کوشتن و بڕین و راوو رووت.. بەڵام زۆربەی تورکمانی دڵسۆز بێ تاوان بوون و خۆیان نەگلاند بەو تاوانانەوە.. باشم لە یادە کە باپیرم لە تەرەفی دایکمەوە لەگەڵ خاڵۆمدا بە تفەنگەوە کۆمەڵێک ماڵی تورکمانیان دەپاراست.. ئێستاش لە نێو کورد و تورکمان و عەرەبیشدا کەسانی ئاژاوەگێڕ هەن، کە لە خوایان دەوێت ئاگری شەڕی ناوەخۆ خۆش بکەن. بەڵام زۆربەی میللەت وریا و بە ئاگایە و ناهێڵێت ئەو جۆرە پیلانانە سەربگرێت..

ئەو کەسانەی کە ئێستا بە ناوی جیهادەوە سەری خەڵکی دەبڕن و لاشەی منداڵان پارچە پارچە دەکەن، بێگومان کەسانی هەرچی و پەرچین و مرۆی رەسەن و بە ئەمەک نین.. ئێمەی کورد لەم رۆژانەدا دەبێت زۆر وریا و بە ئاگابین، چونکە ئەو جاش و خۆفرۆشانەی کە چەکیان دژی کورد هەڵگرتبوو بەشدارییان لە ئەنفال دەکرد، بێگومان ئەو کەسانە هێشتا هەر ماون و لە نێوانماندا دەژین.

زۆر جار بە بیانووی رەخنەوە تیر و توانج گرتن لە کەموکوڕییەکان، دەیانەوێت هەموو دەستکەوتو بنیاتەکان بڕووخێنن. ماوەیەک لەمەوبەر لە نێو کۆستەردا کەوتمە مشتومڕ لەگەڵ کەسێکی نەناسدا کە دیار بوو تاوەکو ناخی لەو هەرچی و پەرچییانە بوو، زۆر بێ شەرمانە راست و رەوان دەیگوت گوایە ئەوانەی کە بەنزینخانە و داوودەزگای حوکومی و مۆنۆمێنت دەسووتێنن مافی

رەوای خـــــۆیانە و بە کــــــارێکی رەوا هەڵدەستن.! بەرپەرچم داوە و گـوتم خـوا تەمەن کورتت بکات، نارەزایی دەربڕین و رەخنە و رێپێوان مافی هەموو کەسێکە، بەڵام کــــــوشتن و بڕین و راووروت و داوودەزگــا ســـووتاندن تاوانە و نابێت داکۆکی لێ بکرێت..

لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە مشتومڕ لەگەڵ ئەو جۆرە هەرچی و پەرچییانە بێ سوودە. بەرژەوەندیی ئەو جۆرە کەسانەیش لە شـــەڕ و پشـــێوی و دووبەرەکی و ئاژاوەدایە.. بۆیە وەها پێویست دەکات کە میللەت رووبەڕووی ئەو تەوژمانە ببێتەوە.. جـا ئەگـەر بەردەمـیـان لێ نەگـیـرێت و سنووریان بۆ دانەنرێت ، ئەوا «بعد خراب البـصـرە» دەگـوازنەوە بۆ لای خـۆمـان و دەیکەن بە «بعد خراب کوردستان».! وەک هەمـوومـانیش باش دەزانین کـە ئەو جـۆرە پیلانانەیش بەسـەر کـورددا تێپەڕ نابن چونکی ئەزموون و تاقیکردنەوە و خەباتمان گەلێک زۆرە.

پێـویسـتـە زۆر ئاگـەداری ئەو هەرچی و پەرچییانە ببین کە بێ بارن و زوو بە زوویی پێـســتی خــۆیان بە پێی بەرژەوەندی و رۆژگـــار دەگـۆڕن. لە ســەردەمی شــەڕ و بشێون و دووبەرەکیدا شمشێری تەیموور لەنگ و حـەجـاج و هۆلاکـۆ هەڵدەگرن.. لە سـەردەمی بانگەوازی دیموکـراسـیـشـدا قـەڵەمی مـەهاتما گـاندی و مـارتن لۆســەر کـینگ و نیلـسـۆن مـاندێلا بە دەسـتـەوە دەگرن..!

لێرەدا شـیـعرێکـی تورکیی شـێخ رەزای تاڵەبانی وەک نموونەیەک دەهێنینەوە، کـە بەڕاستگۆییەوە وەسفی کەسانی بێ بار و دووڕووی نێـو کـۆمـەڵگەی وڵاتی عـێـراقی کـردووە. شـاعـیـر لەم شـیـعـرەیدا پەنجـەی خسـتـووەتە سـەر زۆرێک لە راسـتـیـیەکان، بەڵام بڕوا نـاکـــەین کـــە شـــاعـــیـــر لەم هێـرشــبـردنەیدا مــەبەسـتی هەمــوو عێـراقـیـیـەکـان بووبێت، بەڵکو وەهای بۆ دەچین کە شاعیر لەم داشۆرین و هەجوەیدا بە تەنیا مەبەستی ئەو توێژە بێ بڕوا و بێ بارەیە کە ژمارەیان لەم وڵاتەدا کەم نییە.. ئەوەتا شـاعـیـر لە شـیـعـرە تورکـیـیـەکـەیدا دەڵێت:

**معتدل گیتمز هواسی گه ساوق گه سیجاق**
**نەمـوافـقـتـر مـزاجی اهلنه بکزر عـراق**
**بو عـراق خلقنی (حـجـاج) اسـلاح ایتـمـدی**

**هـر ترفــدک ملتک قــانک ایدردی انهـــراق**
**حق تعـالی تقسیم ایتـمشدر نفـاقی اون بره**
**تقـــوزەک ویرمش عـــراقک اهلـنه بالاتفـــاق**
**گیجه گوندوز چالشر کسبنده بولماز ازدیاد**
**گیسـەس بوش قارنی اج باش اجیق یارین ایاق**
**مختلف اب و هواسی دردی چوقدر رزقی از زنکی**
**سکران کـبـیی ، مـسکینی سـرکـردان کـزر**
**باتلی تسدیق ایدرکن حق سوزه ویرمز قولاق**
**بو عـراق توپراغنده سـوگـبی التـون اتار**
**سو کنارنده سوسز خلقه سویی اولش یساق**

لێرە لە خوارەوە ئەم شیعرە تورکییەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە پێی توانا دەکەینە کوردی کە تێیدا دەڵێت:

کەش و هەوای عێراق فێنک نییە
هەندێک جار سارد و هەندێک جاری تر گەرم
خەڵکەکەیشی وەکو ئاو و هەواکەی گونجاو نین
تەنانەت حەجاج نەیتوانی ڕاستیان بکاتەوە
زۆری لێ کوشتن، بەڵام لە هەقیان نەهات
کە خوا گەردوونی خەلق کرد، نیفاقی کردە دە بەشەوە
نۆ بەشی بۆ عێراق تەرخان کرد
دەبینیت شەو و ڕۆژ هەر هەڵپە دەکەن
بەڵام ڕزقیان زیاد ناکات
گیرفانی بەتاڵ، سکی برسی، سەری ڕووت و پێی پەتی و، هەروەک سواڵکەر ڕەفتار دەکات
ئاو و هەوای وڵات جیاوازە، نەخۆشیی زۆرە و ڕزقی کەم. دەوڵەمەندی وەکو سەرخۆشە و هەژاریشی
زەلیل و ملکەچ
هەردەم بە دووی ناهەقیدا وێڵە و بەلای هەقدا ڕووی خۆی وەرناچەرخێنێت
زەوی و زاری عێراق بە بەرەکەتە و ئاوی وەکو زێڕ دەڕوات
بە تەنیشتی ئاوەوە دەژین
کەچی لێی ناخۆنەوە و لێیان حەرام و قەدەغەیە